# وەرزەکانی لێک دابڕان

عومەر کەریم بەرزنجی



ماندووترم لەوباڵندە شەکەتانەی
ئێوارانێك...
بەدەم سروودی کۆچەوە
گوێ لە ئاوازی وەرینی
ئەو گەڵایانە ڕائەگرن
کە"با"یەك تیراژیان دەکا
نیگاکانت وا پەرت مەکە
کە ئەهاتی پە نجەکانت
ژێی کەمانی دڵمی دەژەند
چرپەت بۆنی ژووانێکی
نوێی لێ ئەهات
کە ڕۆیشتی نەت ئەزانی
ئەوشەو سەرم بەستەڵەکی قوتبەکاذ
نیگام نەورەسێکی کوژراو
ئەم هەرەسە کاژی گە نجێتی فرێدام
بەم پیرییە"ڕەزی" چاوە ماندووەکاذ
لەنێو نیگای ئەفسووناوی ئەوکیژەدا
تازە چۆن گەش دەکاتەوە
ئالەم فەسڵی نەهاتەدا
بەهار ماچی سەوزی سرووشتیش کات
وەهمی جوگرافیای
ئەم مەمکە نارنجیانە
لەزاکیرەمدا هەرگیز ناسڕێتەوە.